# ل منو بنن ئر ئاتش بت، ول بن ئسرائلو روات بن وه تدا ن، وئو در بات ب ناو منو ئوا با جا ب خ دابنت ل ناو دزخدا

له عبدالله کوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «له منەوە بیگەنن ئەگەر ئایەتێکیش بێت، وله بەنی ئیسرائیلەوە ریوایەت بکەن وهیچی تێدا نیە، وئەوەی درۆ بکات بە ناوی منەوە ئەوا با جێگایەک بۆ خۆی دابنێت لە ناو دۆزەخدا».
[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرماندەكات بە گەیاندنی زانستی شەرعی لە قورئان وسونەت، ئەگەرچیش شتێکی کەم بێت وەکو ئایەتێک یان فەرموودەیەک، بەمەرجێک زانستی هەبێت سەبارەت بەوەی دەیگەیەنێت وبانگەوازی بۆ دەكات. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونی کردەوە کە گێڕانەوە لە بەنی ئیسرائیلەوە ئاساییە لەوەی بەسەریاندا ڕوویداوە بەمەرجێک پێچەوانەی شەریعەتی ئێمە نەبێت. پاشان هۆشداری دا لە درۆکردن بەناویەوە، وهەرکەسێک بەئەنقەست درۆ بکات بە ناویەوە -صلى الله عليه وسلم- ئەوا با شوێنێک بۆ خۆی دیاری بکات لە دۆزەخدا.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3686

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee